# سپیکەرێکی مەزن بە کاراییەکی زۆرەوە

سپیکەری جۆری ٩٠ beblab یەکێکە لە بەهێزترین سپیکەرەکانی جیهان، شەپۆلی دەنگی ٨٢٠٠ واتە، واتە بۆمەلەرزەیەکە بۆخۆی! بڵندگۆ مەزنەکە نزیکەی ١٣ سمە و کێشی ١٣٧ کیلۆیە!! سپیکەرەکە لە ١٨ سپیکەری بچووك پێکهاتووە کە بە هەر چوار دەوریدا دەنگ بڵاودەکەنەوە..

سپیکەری ٩٠ beolab تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە بەپێی ژوورەکە دەنگ بڵاودەکاتەوە، تەنانەت بەپێی دانیشتوانی ژوورەکەش! جگە لەوەش ئەپلکەیشنێکی لەگەڵدایە کە دەخرێتە سەر مۆبایل یان تەبلێت و کۆمپیوتەر کە بەپێی ویستی خۆت دەتوانی دەنگ دەستکاری بکەی. بە هەر ئامێرێکیش وەك مۆبایل و تەبلێت دەبەسترێتەوە.





# فلاش لایتی تایبەت بە مۆبایل

هەرچەندە مۆبایلەکان ئێستا کامێرای زۆر بەهێزیان هەیە و هەندێکیان خۆیان لە ئاستی کامێرای پیشەیی دەدەن، بەڵام کێشەیەك لە کامێرای مۆبایلەکاندا هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە شەو و تاریکیدا ناتوانن وێنە بگرن و چونکە فلاشەکەیان زۆر بەهێز نییە، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە گەنجێکی ئۆکراینی فلاش لایتێکی بەناوی iblazar٢ بەرهەم هێناوە. فلاش لایتەکە بێ وایەرە و لەسەر مۆبایل، تەبلێت یان کامێرا دادەندرێ و لە تاریکی شەودا دەتوانی وێنەی باشی پێ بگری.

# یادداشتە دیجیتالییەکان

هەموو شتێك بۆتە دیجیتالی، کتێب، قەڵەم، دەفتەر بە کورتی ژیانی ئەم سەردەمە دیجیتالییە! گەلێك قەڵەمی دیجیتالی بەرهەم هاتوون کە هەرکامیان کار و ئەرکی جیا ئەنجام دەدەن، هەیە ئەرکی وەرگێڕان دەکات و هەیە کۆپییەك لە نووسینەکان هەڵدەگرێتەوە، بەڵام گشت ئەو قەڵەمانە پێویستیان بە کاغەزێکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە کامێرای سەر نووکی قەڵەمەکە ئەرکەکە ئەنجام دەدات. ئێستا پێنووسێك بەناوی wacom bamboo spark بەرهەم هاتووە کە نووسینی سەر کاغەزی ئاسایی و تەنانەت کاغەزی بچووکتر لە A٥ یش دەکاتە دیجیتالی. بۆ گۆڕینی دەستخەتی ئاسایی بە فۆنتی دیجیتالی پێویستی بە پارچەیەکی تەنکە کە لە ژێر کاغەزەکە دادەنرێت و هەروەها ئەو لاپەڕەیەش کە لە ژێر کاغەزەکە دادەنرێت ئەویش هۆشمەندە و دەتوانێت سەد لاپەڕە لە خۆیدا خەزن بکات.






# فڕین لەسەر زەوی

هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی مرۆڤ ئەوە بووە کە بتوانێت بفڕێت، ئەوەش بۆتە هۆی داهێنانی ئەو دەیان ئامرازەی کە ئەرکی فڕین ئەنجام دەدەن، لەم دواییەدا ئامرازێکی دیکە داهێنراوە کە بە Hoverhoard ناسراوە، ئەم ئامرازە وەك (ئیسکێت) دەچێت، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە بەهۆی سوود وەرگرتن لە سیستەمی دەنگ مەودای ئامێرەکە لەگەڵ شەقام دەناسێ و تۆزێك لە زەوی بەرز دەبێتەوە، بە جۆرێك کە کاتێك تاسەیەك هاتە پێش، ئامرازەکە بەو بەرزبوونەوەی ڕێگری دەکات لە کەوتنی بەکارهێنەرەکەی.. ئامێرەکە لە ماوەی چارەگە کاتژمێرێکدا شەحن دەبێتەوە و دەکرێت ٢٠ کیلۆمەتر بەکارهێنەرەکەی بە خێرایی ٢٥ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بڕوات. ئامێری ناوبراو پرۆگرامێکی هەیە کە بەهۆیەوە دەکرێت ڕێژەی شەحنکردنەوەکەی بزانێ و خێرایی ڕۆیشتنەکە دیاری بکەی و ئەو مەودایەی کە ڕۆیشتووە بزانێ و ڕەنگی تیشکی گڵۆپەکان بگۆڕی و دەنگی مۆسیقا کەم و زیاد بکەی...





# کامێرایەک ١٦ لێنزی جیای هەیە

کامێراکان چ بچووك بن و چ مەزن، تەنیا یەك لێنزیان هەیە، بەڵام لێنزەکانیان قەوارەیان بچووك یان گەورەیە، هەرچەندە کامێرای دوو لێنزی و سێ لێنزیش بەرهەم هاتووە، کەچی لەم دواییەدا کامێرای جۆری light L١٦ ی بە ١٦ لینزی بە جیا بەرهەم هاتووە، کامێراکە زۆر وەك مۆبایلی NEXUS٦ دەچێت، بارستاییەکەشی دوو قاتی مۆبایلی ناوبراوە. کاتێك کە بە کامێراکە وێنە دەگری هەر ١٦ لێنزەکە پێکەوە کار دەکەن و مەودایەکی زۆر بە ١٦ لێنزکە دەبیندرێت، بەڵام هەموویان پێکەوە یەك وێنە دەگرن وێنەیەکی ٥٢ مێگاپیکسل! کامێراکە سیستەمی وای-فای هەیە و دەکرێت بۆ مۆبایل یان تەبلێت بەڕێی بکەی. کامێراکە زۆمی ئیپتیکالی ٣٥ ملمی هەیە و جگە لەوەش شاشەکەی ٥ ئینجە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکــی بەڕێز دەپرســێت چ پرۆگرامێك هەیە، کاتێك ریکۆڤەری دەکەم دروســت ئەو فایلانەی سڕاونەتەوە بە هەمان ناوی خۆیان بیگەڕێنتێەوە شوێنی خۆیان؟**

خوێنەری بەڕێــز پرۆگرامەکان زۆرن، هەمووشــیان یەك ئەرك ئەنجــام دەدەن گەڕانەوەی فایلە ســڕاوەکان، بەڵام شــێوازی کارکردنیان وەك یەك نییە، پرۆگرامی Active File Recovery و پرۆگرامــی EaseUS Partition Recovery Wizard ئەو دوو پرۆگرامەن دەتوانن فایلە ســڕاوەکان بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان..

## تایب لە سەردەمی دیجیتالیدا



## هواوی mate S و چەندین تایبمەندی جیاواز

لە بازاڕەکانی کوردستان و تەنانەت جیهانیشدا کە باس لە تەکنەلۆژیا و کەلوپەلی چینی دەکرێ بەبێ کوالیتی سەیری دەکەن، بەڵام لە راستیدا هەموو چینیەك چینی نییــە!! کۆمپانیای huawei کە کۆمپانیایەکــی بەناوبانگی چینیە و لە کاروباری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیــای نوێدا چالاکییەکانی چڕ کردۆتەوە، لە نمایشــێکی تایبەت لــە هەولێر مۆبایلی جۆری mate S خســتەڕوو. چونکە مۆبایلەکە دیزاین و ســتایلێکی ســەرنج راکێش و جوانی هەیە و یەکەمین مۆبایلی هۆشــمەندە لە جیهاندا کە سیســتەمی تەکنەلۆژی force thouch هەبێت، پێشــووتر تەنیا ئەپل لە کاتژمێری ســمارتدا بەکاری دەهێنا و بڕیاروایە لە ئەیفۆن حەوتیشدا بەکاری بێنێ، ئەم سیستەمە وا دەکات بە زەختی زۆر و کەم هەستیار بێت، بۆ نموونە ئەگەر زەختی کەمی لێبکەی گۆرانی دەنگ بڵاو دەکاتەوە، بەڵام گەر زۆرتر زەختی بۆ بێنی ڤیدیۆ بڵاو دەکاتەوە. شاشەی مۆبایلەکــە 5.5 ئینجە و Full HD یــە. پرۆسیســەری 4 ناوەکییە، خێرایی 2.2 گیگاهێرتزە. کامێرای پشــتەوەی 13 میگاپیکســلە و کامێرای پێشەوەی 8 میگاپیسکلە، سێ مایکرۆفۆنی هەیە بۆ ئەوەی باشــترین دەنگی هەبێ لەکاتی قسەکردن و تۆمارکردندا، قەبارەی تەنکی 7.2 ملمە و کێشــی 156 گرامە..



# سایتێک وەڵامی گشت پرسیارەکانتان دەداتەوە




سایتەکانی وەك گوگل و یاهوو رۆژانە سەردانیان دەکەن و دەتوانن ئەوەی مەبەستیانە بەدوای دا بگەڕێن، بەڵامی سایتی wolframalpha شتێکیان بۆ نادۆزێتەووە بەڵکو وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لە زەینتاندایە. لەبارەی هەرچی مەبەستتە دەتوانی لێی بپرسی، وەڵامی پرسیارە هەرە سەختەکانی بیرکاری، فیزیا، گەردووناسی، جوگرافی، کیمیا... دەتوانی لەو سایتەدا بەدەست بێنی. نە تەنیا وەڵامەکان دەتوانی بەراوردکاری، نرخی هەڵاوسانی ئابووری و پرسیاری لەبارەی نەخۆشی بدۆزیەوە..




یەکێك لەو ئامێرانەی کە خزمەتێکی زۆری مرۆڤایەتی کرد و زیاتر لە سەدەیەك لە خزمەتی چاپەمەنی و راگەیاندن دابوو، ئامێری تایپ (طابعە) بوو. بە داهێنانی کۆمپیوتەر ئامێری تایپ بە یەکجاری ماڵئاوایی کرد و بوو بە ئەرشیف... لە سەردەمی دیجیتالیدا تایپێك بەناوی Qwerkywriter بەرهەم هێنراوە تاکو بتوانی هەستی تایپ کردن لەلای بەکارهێنەر جارێکی دیکە تاقی بکاتەوە، کیبۆردەکە نەك بەرواڵەت بەڵکو لە کارکردنیشدا وەك تایپ دەچێت. بە سیستەمی بلوتوس بە تەبلێت یا مۆبایل پەیوەند دەدرێت..

# پرۆگرامێک بۆ گەڕاندنەوەی وێنە سڕاوەکان




پرۆگرام گەلێك هەن بۆ گەڕاندنەوەی وێنە سڕاوەکان، رەنگە هەموویان بەو جۆرەی پێویستە وانەبن، پرۆگرامی SD card photo recovery pro لە ریزی پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە دێت، ئەم پرۆگرامە هەروەك لە ناوەکەی را دیارە دەتوانێت وێنەی سەر کارت میمۆرییەکان بگەڕێنێتەوە، چونکە ئەو راستییە بزانن هەر فایلێك جا وێنە بێت یان دەق بێت بەیەکجاری لە میمۆریدا ناسڕێتەوە و بەهۆی پرۆگرامگەلێك دەتوانی بیانگێڕیەوە. پرۆگرامی ناوبراو زیاتر بۆ مۆبایل و میمۆری بچووك و کارت میمۆرییە.